Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# پڕۆژەی ڕووناکی

## لە نێوان هاوچەرخبوون و ئاڵەنگارییەکانی جێبەجێکردنیدا

**ئامادەکردن:**
محمد کەریم محمد

**تشرینی یەکەم ٢٠٢٥**


Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# پڕۆژەی ڕووناکی
# لە نێوان هاوچەرخبوون و ئاڵەنگارییەکانی جێبەجێکردنیدا

## پێشەکی

ڕۆژی ٢٠٢٥/٥/١٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)، لە چوارچێوەی زنجیرە چالاکییەکانی پڕۆژەی چاوی کراوە، سیمینارێکی ڕێکخست بۆ بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی بە ئامانجی تیشکخستنە سەر پڕۆژەی ڕووناکی کە بریتییە لە شاکارێکی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک پڕۆژەیەکی هاوچەرخ بۆ دەربازبوونی کوردستان لە قەیرانی درێژخایەنی کارەبا کە ساڵانێکە پێوەی دەناڵێنن. سیمینارەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی باڵای حکومەت، ئەکادیمیست، ڕاگەیاندکار، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمپانیا تایبەتمەندییەکانی کارەبا بەڕێوەچوو. لە سیمینارەکەدا بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی، بەڕێز ئەنوەر حەمە سعید، بە دوورودرێژی، دەستی خستەسەر کۆی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی سیستمی کارەبای هەرێمی کوردستان و سوودەکانی پڕۆژەی ڕووناکی کە تازە لەدایکبووندایە بۆ دەرچوونی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی کارەبا، پاشان گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەلایەن ئامادەبووانەوە لەسەر کۆی خاڵەکان خرایەڕوو، دامەزراوەی ڤیژنیش لای خۆیەوە هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ کۆی سیمینارەکە ئامادەکردووە بۆ خاوەن بڕیاری سیاسی کوردستان کە چارەسەری پراکتیکی دارایی، کارگێڕی و هونەری بۆ کێشەکان دەستنیشان بکات بە ئامانجی سەرخستنی پڕۆژەکە و ئاگادارکردنەوەی بڕیاربەدەستانی سیاسی کوردستان لە قەبارەی کێشەکانی کەرتی کارەبا. هەر لەو ڕوانگەیەوە، دامەزراوەی ڤیژن بە توانستی پرۆفیشناڵی و ئەکادیمی خۆی ئامادەیە بۆ هەموو هاوکارییەک لەو ڕووەوە، بەتایبەتی لە جومگە ناهونەرییەکاندا (Non-technical)، بەتایبەتی زۆربەی کێشەکانی کارەبا دەخوازێت لە دەرەوەی سیستمەکە خۆی چارەسەری بۆ پێشنیاربکرێت وەک لە هەندێ خاڵی ئەم ڕاپۆرتەدا دەستی بۆ براوە.

## بنەماکانی کەرتی کارەبای هەرێمی کوردستان

**یەکەم:** پرنسیپی واقیعی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.

**دووەم:** ئاستەنگەکانی بەردەمی کۆی سیستمەکە.

**سێهەم:** پێشبینی داهاتووی سیستمەکە (پڕۆژەی ڕووناکی).

## یەکەم: پرنسیپی واقیعی کارەبا لە هەرێمی کوردستان

**بەرهەمهێنان:** توانای باڵای (الطاقة القصوى) بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێمی کوردستان کە پشتی بە کەرتی تایبەت بەستووە دەگاتە ٧٠٠٢٨ مێگاوات، لەم بڕە پشکی بەرهەمهێنانی وزە لە پارێزگای سلێمانیدا دەگاتە ٤،١٤٩ مێگاوات واتە ڕێژەی ٥٩٠.٣% (داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی).

**گواستنەوە و دابەشکردنی وزەی کارەبا:** وزەی کارەبا لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانەوە دەگوازرێتەوە بۆ پارێزگاکان لە ڕێگەی هێڵی گواستنەوە و وێستگە لاوەکییەکانەوە (المحطات الثانوية)، لەوێشەوە بۆ بەشداربووانی پارێزگای سلێمانی لە ڕێگەی ١٤،٣٠٦ گۆڕەر (محولە) و ٥١٣ فیدەرەوە کە کۆی ژمارەیان دەگاتە ٥٤٤،٣٠٦ هاوبەش کە ژمارە و ڕێژەکانیان لە خشتەی ژمارە (١) دا ڕوونکراوەتەوە.

## خشتەی ژمارە ١

ژمارەی هاوبەش، گۆڕەر و فیدەر لە پارێزگای  سلێمانی

| ژمارەی هاوبەش | | % | ژمارەی محولە | ژمارەی فیدەر |
|---|---|---|---|---|
| ماڵان | ٥٠٣،٣٨٢ | ٨٤.٠٩ | ١٤،٣٠٦ | ٥٢٢ |
| بازرگانی | ٦٣،٣١٥ | ١١.٦٣ | | |
| پیشەسازی | ١،٠٩٤ | ٠.٢ | | |
| کشتوکاڵی | ١٧،٣٣٠ | ٣.١٨ | | |
| میری | ٥،٣٨٥ | ٠.٩ | | |
| کۆ | ٥٤٤،٣٠٦ | ١٠٠ | | |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

کۆی سیستمی کارەبای سلێمانی بە ژمارەی ٤،٨١٤ کارمەند بەگەڕدەخرێت بە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی.

تێکڕای کاتژمێرەکانی کارەبا بۆ سلێمانی لە ساڵانی ٢٠١٣-٢٠٢٤، ڕۆژانە تەنها ١٦.٠٥ کاتژمێر بووە، خشتەی ژمارە ٢، بەڵام بۆ ٣ ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٤، کە وەزارەتی کارەبا وەک تێکڕای پارەی مانگانەی کارەبای ڕووناکی بۆ سەر هاوڵاتیان مەزەندەی کردووە تەنها ١٣.٨٢ کاتژمێر بووە، خشتەی ژمارە ٣، لەسەر بنەمای ئەم کاتژمێرانە پێشنیاری نرخی کارەبای ڕووناکی کراوە بە بڕی ٦٠،٥٥٢ دینار/ماڵ/مانگ، بەڵام نرخی کارەبا بۆ ٢٤ کاتژمێر/ماڵ/مانگ، زیاتر دەکات و دەگاتە  ٧٧،٧٤٠ دینار/ماڵ/مانگ، خشتەی ژمارە ٤.

## خشتەی ژمارە ٢

تێکڕای کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا لە سلێمانی لە ماوەی ٢٠١٣-٢٠٢٤

| ساڵ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٤ | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کاتژمێر | ٢٢.٣١ | ٢٠.٤٢ | ١٨.٣٥ | ١٦.٣٩ | ١٢.٤٣ | ١٣.١٧ | ١٦.٠٣ | ١٦.٠٩ | ١٦.١٣ | ١٤.٢٠ | ١٥.١١ | ١٢.١٧ | ١٦.٠٥ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

## خشتەی ژمارە ٣

تێکڕای ژمارەی کاتژمێری پێدانی کارەبا بۆ ٣ ساڵی ڕابردوو (٢٠٢٢، ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤)

| ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٤ | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| ١٤.٢ | ١٥.١١ | ١٢.١٧ | ١٣.٨٢ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

بۆیە وەک لە خاڵی سەرەوەدا ئاماژەی پێکرا، بڕی کارەبای مانگانە بۆ بەشداربووان بۆ پڕۆژەی ڕووناکی بۆ ٢٤ کاتژمێری ڕۆژانە بەدڵنیاییەوە زیاترە لەو بڕەی وەزارەتی کارەبا دیاریکردووە، بۆیە بە پێی ڕای پسپۆڕانی کەرتی کارەبا بۆ ئەو مەبەستە ڕێژەی ٢٠%ی کارەبا زیاتر دەبێت واتە ٦٩٤ کیلۆوات/مانگ/ماڵ دەبێتە ٨٣٢.٨ کیلۆوات/مانگ/ماڵ. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش کۆی تێچوونی مانگانەی کارەبا بۆ ماڵێکی ئاسایی زیاد دەکات بۆ ٧٧،٧٤٠ دینار لە جیاتی ٦٠،٥٥٢ دینار، خشتەی ژمارە ٤.

## خشتەی ژمارە ٤

خشتەی جیاوازی نرخی کیلۆوات بە هەژماردنی حکومەت
( ١٣.٨٢ کاتژمێر/ڕۆژ و کارەبای ڕۆژانەی ٢٤ کاتژمێر/ڕۆژ)

| نرخی کارەبا بە پێی کاتژمێر / مانگ / ماڵ | پارەی کارەبا بە پێی کیلۆوات / کاتژمێر / ڕۆژ | |
|---|---|---|
| | کیلۆوات | بڕی پارە |
| بڕی پارەی کارەبا بۆ ١٣.٨٢ کاتژمێر / مانگ / ماڵ | ٦٩٤ | ٦٠،٥٥٢ |
| بڕی پارەی کارەبا بۆ ٢٤ کاتژمێر / مانگ / ماڵ | ٨٣٢.٨ | ٧٧،٧٤٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە پاڵپشت بە خشتەی ژمارە ٢ و وەرگرتنی ڕای شارەزایانی بواری کارەبا

ڕێژەی دابەشبوونی کارەبای سلێمانی لە نێوان کۆی هاوبەشەکان و کارگە گەورەکان (ئاسن و چیمەنتۆ) بۆ هاوبەشەکان دەگاتە ٧٥.٣٧% و کارگە گەورەکان ٢٤.٦٢%، خشتەی ژمارە ( ٥ ).

## خشتەی ژمارە ٥

کارەبای کارگە گەورەکان (کارگەی ئاسن و چیمەنتۆ) و هەموو هاوبەشەکان لە سلێمانی بۆ ٢٠٢٤ بە مێگاوات

| جۆری هاوبەش | بڕی کارەبا بە مێگاوات | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەموو هاوبەشەکان | ٧٠٧ | ٪٧٥.٣٧ |
| کارگە گەورەکان | ٢٣١ | ٪٢٤.٦٢ |
| کۆ | ٩٣٨ | ٪٩٩ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

تێکرای ڕێژەی سەدی کارەبای وونبوو لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣-٢٠٢١ واتە پێش سیستمی کارەبای زیرەک بریتی بووە لە ٤٠.٩١%، خشتەی ژمارە ٦، بەڵام پاش ئەوە بەدڵنیاییەوە ڕێژەی وونبوون زۆر کەمدەکات واتە ڕێژەی وونبوونی هونەری دەبێتەوە بە ستاندەردی جیهانی کە لە ١٠-١٥% تێناپەڕێت، تەنها وونبوونی کارگێڕی بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە، کە دەبێتە بارگرانییەکی گەورە بۆ تێچوونی کارەبا بەتایبەتی هەرِشەیەکی گەورە دەبێت لەسەر پڕۆژەی ڕووناکی بۆ داهاتوو ئەگەر چارەسەرنەکرێت.

**خشتەی ژمارە ٦**

ڕێژەی سەدی (٪) وزەی وونبوو بە پێی ساڵ ٢٠١٣-٢٠٢١

| ساڵ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وزەی وونبوو | ٪٣٧.٥١ | ٪٣٨.٣ | ٪٤٤.٤ | ٪٥٠.٣٦ | ٪٣٥.١٨ | ٪٣١.١٥ | ٪٣٣.١١ | ٪٥١.٥٨ | ٪٤٦.٦٣ | ٪٤٠.٩١ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

ئاستی تێچوونی بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێمی کوردستان ساڵانە بە بڕی ٢.٧ ترلیۆن دینار مەزەندە دەکرێت بە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی

## دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەمی کۆی سیستمەکە

کۆی سیستمی کارەبای هەرێمی کوردستان لە ژینگەیەکی ئابووری زۆر ناهاوکاردا دەگوزەرێت. ژینگەی ئابووری هەرێمی کوردستان لە ناهاوسەنگییەکی زۆر دژواری نێوان تەوژمی (التدفق) بەرهەمهێنانی کاڵا لە (کەرتە بەرهەمهێنەکانی کوردستان پیشەسازی، کشتوکاڵ و گەشتوگوزار) و تەوژمی پارە کە هەڵسوڕێنەری کەرتە مادییەکانی ئابووریە دەگوزەرێت. بە مانایەکی تر، قەبارەی تەوژمی پارە بۆ ناو ئابووری کوردستان بەشی جووڵەیەکی کەمی بزاوتی کەرتە ئابووریەکان دەکات، بۆیە بەشێکی گەورە لە کەرتی بەرهەمهێنانی کاڵا (بەرهەمی مادی و خزمەتگوزاری) لە ئابووری کوردستاندا کراونەتە دەرەوەی جووڵە و بەرهەم لە سیستمی ئابووریدا. ئەمەش کۆمەڵێک دیاردەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و ... هتد زۆر ترسناکی بۆ هەرێمی کوردستان خولقاندووە، بەتایبەتی لە دوو ڕەهەندی سەرەکییەوە یەکەم بەرهەمهێنانی هەژارییە بە مانایەکی تر کەم داهاتی تاک و خێزانی کوردستان، دووەم لاوازکردنی توانای دارایی خێزانەکان بۆ هاوکاریکردنی کارای بەردەوامی کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی.

بەپێی ئاماری تەرازووی خێزان (میزانية الاسرة) لە هەرێمی کوردستان کە، بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٧-٢٠٢٤ ئەنجامدراوە، وەك لە خشتەی ژمارە ٨دا دەرکەوتووە، داهاتی ساڵانەی خێزان بە درێژایی ساڵەکان کورتهێنانی هەبووە لە زۆر کەمەوە کە ڕێژەی ٩.٢٥% بووە بۆ ساڵی ٢٠١٨ بۆ بەرزترین ڕێژە کە ٦٦.٧٧% بووە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەرامبەر خەرجی ساڵانەیان، واتە لە هەموو ساڵەکاندا خەرجی زیاتر بووە لە داهاتی خێزانەکان و ئێستاش ئەم دیاردەیە بە ڕێژەی جیاواز هەر بەردەوامە.

ئەگەر ئەم دیاردەیە، لە ڕوانگەی داهاتی فەرمانبەرانیشەوە بەراورد بکەین، ڕێژەی کورتهێنان بەرزتر دەبێتەوە. ئەگەر سەرنجی تێکڕای داهاتی مانگانەی خێزانی فەرمانبەرانی کوردستان بدەین بۆ پلەکانی ٣-٨ بۆ ساڵی ٢٠٢٤، کە ڕێژەی ٨٥.٧٩%ی کۆی فەرمانبەرانی کوردستان پێکدەهێنن، دەبینین لە ٨٩٤,٦٣٧ (هەشت سەد و نەوەد و چوار هەزار و شەش سەد و سی و حەوت) دینار تێپەڕ ناکات، خشتەی ژمارە ٧. بەرامبەر ئەو داهاتە لە ساڵی ٢٠٢٤ تێکڕای خەرجی ساڵانەی خێزانی کوردستان، وەك لە خشتەی ژمارە ٨دا دەرکەوتووە دەگاتە ١,٢٧٥,٠٠٠ (ملیۆنێك و دوو سەد و حەفتا و پێنج هەزار) دینار واتە بە ڕێژەی کورتهێنانی ٤٢.٥١%، ئەمە ئەگەر هەموو مانگێك کارمەند مووچەکەی لە کاتی خۆیدا و بە بێ هیچ کەموکوڕییەك وەربگرێت.

ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە سیستەمی ئابووری کوردستان بە بەردەوامی هەژاری بەرهەمدێنێ و مانگانە ڕێژەیەکی بەرچاو لە توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە دەخاتە سەر هێڵی هەژاری یاخود خوار هێڵەکەوە، لەگەڵ بەردەوامی کاری سیستەمەکەش بە بەردەوامی ئەم هەژارییە کەڵەکەتر و گەورەتر دەبێت و لەگەڵ خۆشیدا ڕێژەی هەژاری بەرزتر دەکاتەوە بۆ ئاستی دروستکردنی کۆمەڵگەی هەژار، بە تایبەتی توێژە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە و بەشداربووانی هاوکاری تۆڕی کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە وەك خاوەن پێداویستی تایبەت کە ژمارەیان تا ئێستا گەشتۆتە سەروو ٧٣ هەزار کەس و خێزان کە داهاتی مانگانەیان ناگاتە ١٤٦ هەزار دینار، پاشکۆی ژمارە ٢.

## خشتەی ژمارە ٧

تێکڕای مووچەی مانگانەی کارمەندانی حکومەت بۆ پلەکانی ٣-٨ بۆ ساڵی ٢٠٢٤ بە دینار

| پلە | ژمارەی فەرمانبەر | % | کۆی مووچە | تێکڕای مووچە |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٣٥،٨٤٤ | ٪٨.٧٩ | ٤٤،٣٦٦،٤٥٠،٠٠٠ | ٨٩٤،٦٣٧ |
| ٤ | ٤١،٠٤٢ | ٪١٠.٠٧ | ٤٤،٦٦٧،١٩١،٠٠٠ | |
| ٥ | ٦٦،٨٤٧ | ٪١٦.٣٩ | ٦٢،٤٠٨،٣٩٨،٠٠٠ | |
| ٦ | ٨٧،٤٠٩ | ٪ ٢١.٤٤ | ٧٤،٥١٠،٨١٩،٠٠٠ | |
| ٧ | ٧٥،٩٧٠ | ٪١٨.٦٣ | ٥٥،٧٣٠،٥٥٥،٠٠٠ | |
| ٨ | ٤٢،٧٠٠ | ٪١٠.٤٧ | ٣١،٢٧١،٣٣٤،٠٠٠ | |
| کۆ | ٣٤٩،٨١٢ | ٪٨٥.٧٩ | ٣١٢،٩٥٤،٧٤٧،٠٠٠ | |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەر ئامادەکراوە پشتئەستوور بە پاشکۆی ژمارە ١

## خشتەی ژمارە ٨

ئاستەنگی داهات و خەرجی خێزان لە هەرێمی کوردستان

| داهات / خەرجی | ٢٠٠٧ | ٢٠١٢ | ٢٠١٦ | ٢٠١٨ | ٢٠٢٤ |
|---|---|---|---|---|---|
| داهات | ٩٥٤،٠٠٠ | ١،٩٧٩،٦٠٠ | ٧٧٠،٠٠٠ | ٨٤٢،٤٠٠ | ١،١٠٢،٠٢٥ |
| خەرجی | ١،٥٩١،٠٠٠ | ٢،٢٦٣،٨٠٠ | ٨٤٢،٠٠٠ | ١،٠٥٣،٠٠٠ | ١،٢٧٥،٠٠٠ |
| ڕێژەی سەدی کورتهێنان | ٪٦٦.٧٧ | ٪١٤.٣٥ | ٪٩.٣٥ | ٪٢٥.٠٠ | ٪١٥.٦٩ |

سەرچاوە: دەستەی ئاماری کوردستان - پارێزگای سلێمانی/٢٠٢٤

تێچوونی پرۆژەی ڕووناکی زۆر بەرزە بەتایبەتی بەهۆی یەکەم: بەرزی نرخی سووتەمەنی، دووەم: بەرزی تێچوونی کەرەستەی چاکسازی لە هەردوو سیستەمی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا بەتایبەتی لە دوور مەودادا، سێهەم: لە هەموویان دژوارتر بەرزی ڕێژەی وونبوونی کارەبا (Losses) بەهۆی لاوازی (کارگێڕی و بەدواداچوون) واتە هۆکاری ناهونەری، ئەمەش بۆتە هۆی بەرزی نرخی یەکەی کیلۆواتی پرۆژەکە بەراورد بە زۆر لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا وەک لە خشتەی ژمارە ٩ دەرکەوتووە.

## خشتەی ژمارە ٩

بەراوردی نرخی یەکەی کارەبا کیلۆوات/ کاتژمێر و ٤٠٠ کیلۆواتی پرۆژەی ڕووناکی بە نرخەکان لەسەر ئاستی جیهان بە دیناری عێراقی/٢٠٢٥

| وڵات | kwh / USD | kwh / IQD | تێچوونی ٤٠٠ kwh / IQD |
|---|---|---|---|
| ئێران | ٠.٠٠٤ | ٥.٦ | ٢،٢٤٠ |
| ئەسیوپیا | ٠.٠٠٥ | ٧ | ٢،٨٠٠ |
| کوبا | ٠.٠٠٦ | ٨.٤ | ٣،٣٦٠ |
| سودان | ٠.٠٠٦ | ٨.٤ | ٣،٣٦٠ |
| ئەنگۆلا | ٠.٠١٣ | ١٨.٢ | ٧،٢٨٠ |
| سوریا | ٠.٠١٩ | ٢٦.٦ | ١٠،٦٤٠ |
| میسر | ٠.٠٢٢ | ٣٠.٨ | ١٢،٣٢٠ |
| میانمار | ٠.٠٢٣ | ٣٢.٢ | ١٢،٨٨٠ |
| جەزائیر | ٠.٠٤١ | ٥٧.٤ | ٢٢،٩٦٠ |
| کوردستان | ٠.٠٥١ | ٧٢ | ٢٨،٨٠٠ |
| مالیزیا | ٠.٠٥٢ | ٧٢.٨ | ٢٩،١٢٠ |

سەرچاوە: /www.ar.globalpetrolprices>com/Burma-Myanmar/electricity-price

لە ڕوانگەی توانای داهاتی خێزان بۆ کڕینی کارەبا لە سلێمانی خشتەی ژمارە ١٠ و ١١ بۆمان ڕووندەکاتەوە کە ٦١.٧٥%ی کۆی ماڵەکانی سلێمانی سوودمەندن لە کارەبای ٣ و ٤ ئەمپێری، تەنانەت بەشێک لە بەشدارانی ٦ ئەمپێری بریتین لە شوێنی بزنس، دوکان، مینی مارکێت و خواردنگەی ساکار، بۆیە دەتوانرێت مەزەندە بکرێت کە زۆربەی ماڵەکان پشتیان بە کارەبای مولیدەی ئەهلی ٣ و ٤ ئەمپێری بەستووە. ئەمەش نیشاندەرێکی گونجاوە بۆ دەرخستن و مەزەندەکردنی توانای خێزانە بەشداربووەکانی پرۆژەی ڕووناکی بۆ لە ئەستۆگرتنی تێچوونی مانگانەی کارەبا، بە واتای ئەگەری زۆری کەم توانایی لە پابەندبوون بە نرخی ئێستای کارەباوە لە داهاتوودا.

هەر وەک دەرئەنجامی ئەو خاڵانەی سەرەوە، کۆمەڵگەی کوردستان ناتوانن هاوکارێکی کارا بێت بۆ پاکتاوکردنی پارەی کارەبای بەکارهاتوو پشت ئەستوور بەو داهاتەی بژێوی خێزانەکانی لەسەرە، باشترین نموونەش کەڵەکەبوونی قەرزی بەڕێوەبەرایەتی کارەبایە لەسەر بەشداربووان.

کەلەبەرێکی گەورەی تەکنیکی لە سیستەمی کارەبای سنووری پارێزگای سلێمانیدا دروست بووە بەهۆی خانەنشینی نزیکەی ٦٠٠ تەکنیکارەوە (داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥)، کە بە ئەگەری زۆرەوە کێشە بۆ بەردەوامی پرۆژەی ڕووناکی دروست دەکات لە داهاتوودا.

## خشتەی ژمارە ١٠

ناوی گەڕەک و ژمارەی ماڵی بەشداربوو لە کارەبای مۆلیدە بە پێی بڕی ئەمپێر لە مانگی ٢٠٢٥/٩ لە سلێمانی

| ناوی گەڕەک | بڕی ئەمپێر | ژمارەی ماڵ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ئاشتی | ٢ | ٣٩ | ٪٥.٦٦ |
| | ٣ | ٢١٥ | ٪٣١.٢٠ |
| | ٤ | ٢٠١ | ٪٢٩.١٧ |
| | ٥ | ١٩ | ٪٢.٧٥ |
| | ٦ | ١٠٥ | ٪١٥.٢٣ |
| | ٧ | ١٠ | ٪١.٤٥ |
| | ٨ | ٣٤ | ٪٤.٩٣ |
| | ٩ | ٢ | ٪٠.٢٩ |
| | ١٠بەرەوژوور | ٦٤ | ٪٩.٢٨ |
| کۆ | | ٦٨٩ | ٪٩٩.٦٩ |
| قرگە، فیدەری ٢٧٢ | ٢ | ٥٤ | ٪٧.٦٥ |
| | ٣ | ٢٧٠ | ٪٣٨.٢٩ |
| | ٤ | ١٩٣ | ٪٢٧.٣٧ |
| | ٥ | ٥ | ٪٠.٧٠ |
| | ٦ | ١٠٤ | ٪١٤.٧٥ |
| | ٧ | ١٩ | ٪٢.٦٩ |
| | ٨ | ١٥ | ٪٢.١٢ |
| | ٩ | ٩ | ٪١.٢٧ |
| | ١٠ بەرەوژوور | ٣٦ | ٪٥.١٠ |
| کۆ | | ٧٠٥ | ٪ ٩٩.٩٤ |
| قرگە، فیدەری ١١٩ | ٢ | ٥١ | ٪٧.٥٨ |
| | ٣ | ٢١٨ | ٪ ٣٢.٤٤ |
| | ٤ | ١٧٩ | ٪٢٦.٦٣ |
| | ٥ | ١١ | ٪١.٦٣ |
| | ٦ | ١١٨ | ٪١٧.٥٥ |
| | ٧ | ٢٩ | ٪٤.٣١ |
| | ٨ | ٢١ | ٪٣.١٢ |
| | ٩ | ٢ | ٪٠.٢٩ |
| | ١٠بەرەوژوور | ٤٣ | ٪٦.٣٩ |
| کۆ | | ٦٧٢ | ٪ ٩٩.٩٤ |
| **کۆی گشتی** | ٠٠٠ | ٢،٠٦٦ | ٠٠٠ |

سەرچاوە: تۆماری فەرمی مۆلیدە ئەهلییەکانی گەڕەکە دیاریکراوەکانی ناو خشتەکە لەلایەن لێکۆڵەرەوە ئەنجامدراوە /مانگی ئەیلولی ٢٠٢٥/

**خشتەی ژمارە ١١**

ژمارە و ڕێژەی ماڵەکانی بەشدار لە ئەمپێرەکانی ٣ و ٤ی مووەلیدەی ئەهلی لە پارێزگای سلێمانی ساڵی ٢٠٢٥

| ژمارەی ئەمپێر | ژمارەی ماڵی بەشداربوو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٣ | ٧٠٣ | ٪٣٤.٠٢ |
| ٤ | ٥٧٣ | ٪٢٧.٧٣ |
| **کۆی ماڵی بەشداربوو** | ٢،٠٦٦ | ٪٦١.٧٥ |

سەرچاوە: لێکۆڵەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە ١.

## سێهەم: پێشبینی داهاتووی سیستمی پڕۆژەی ڕووناکی

دڵنیایی لە داهاتووی سیستمی کارەبای کوردستان، دەخوازێت لە دوو ئاستی ستراتیجیدا کاری لەسەر بکرێت:

### ١. ستراتیجی هەنوکەیی:

کارکردن لەسەر دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ فاکتەری هونەری سیستمی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا بەتایبەتی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردن (سکادا) و تێچوونی کارگێڕی و بەدواداچوون کە وەک خاڵی هەرەس پێهێنانی کۆی سیستمی کارەبای کوردستان مەزەندە دەکرێت بۆ نموونە:

١. کارکردن بۆ پێداچوونەوە بە سیستمی تێچوون (انظمة الكلفة) لە کارەبای کوردستاندا لە هەموو ئاستەکاندا.

٢. کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئاستی وزەی وونبوو بۆ ئاستی پێوەری جیهانی بەتایبەتی بەشی کارگێڕی و بەدواداچوون (Non-technical losses) واتا وزەی ونبووی ناتەکنیکی.

٣. خاڵی لاوازی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ داهاتوو، بریتییە لە لاوازی سیستمی گواستنەوەی کارەبا، کە مۆدێل، تەمەن و تەکنەلۆجیاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێشوو و بەرگەی گووشاری فراوانبوونی پێویستی ئێستای کوردستان بۆ وزەی کارەبا ناگرێت، کە بە هەنگاوی گەورە لە ڕووی بڕ و چۆنایەتییەوە لە گەشە و فراوانبووندایە. بۆیە هێڵەکانی گواستنەوە پێویستی بەفراوانکردن هەیە بەتایبەتی دروستکردنی هێڵی (٤٠٠ کی ڤی).

٤. دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژی ئەندازیاری و کەسانی هونەری و کردنەوەی مەشقی تایبەتی بۆیان.

٥. بەهێزکردنی بانکی زانیاری و داتای کارگێڕی سیستمەکە بۆ ئاستی کێشەکان کە هەست بە دەلاقەیەکی گەورەی نێوان کێشەکان، داتا و زانیاری (ناهونەری) سیستمەکە دەکرێت، ئەمەش کێشەی گەورەی بڕیار دروستکردن دەخولقێنن کە تەنانەت لە حاڵەتی ئەگەری دابینکردنی هەموو فاکتەرەکانی چاکسازییەکانی تر دوور نییە ئەم فاکتەرە بەس بێت بۆ هەرەسهێنان بە تەمویل و هەموو پڕۆسە چاکسازییەکان، چونکە هەموو کەموکورتییەکی زانیاری دەبێتە سەرچاوەی هەڵەی زۆر.

٦. دەستبردنی جدی بۆ چارەسەری کێشەیەکی تری گەورە کە ئێستا لە پڕۆسێسی گەورەبووندایە لە هەناوی سیستمەکەدا، ئەویش ئاوێتەکردنی سیستمی نوێی وزەی خۆرە، کە یەکێک لە کێشەکانی گەڕانەوەی وزەی تازەیە بۆ سیستمەکە و پێویستی بەدەرکردنی ڕێنمایی نوێ هەیە.

**٢. ستراتیجی کارکردنی درێژخایەن**

لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی گرنگی سیستمی کارەبا بە گشتی بکەین کە ئەم گرنگییەی هیچی کەمتر نییە لە گرنگی سیستمی بانک بۆ گەشەی ئابووری چ وەک جۆرایەتی و چ وەک بڕ. دەکرێت ئەو خاڵانەی خوارەوە بۆ ئاستێک هاوکاربن بۆ ئەو تێڕوانینە بە گشتی:

١. کارکردن بۆ گێڕانەوەی کەرتە ئابوورییەکان کە لە پەیکەربەندی ئابووری کوردستاندا دەرچوون یان سڕبوون وەک پیشەسازی کە ئێستا بە ڕێژەی بەرز لە کارکردن وەستاون، بەهۆی زۆر هۆکار کە گرنگترینیان گرانی نرخی کارەبایە بەتایبەتی بۆ پڕۆژە بچووک و مامناوەندەکان و لاوازی بازاڕی بەرهەمەکانیانەوە، هەروەها کەرتی کشتوکاڵ بێجگە لەوەی کەرتی هاوردە زیانی گەورەی پێگەیاندووە، وشکەساڵیش وەک فاکتەرێکی نێگەتیڤ خەریکە لە بەرهەمی دەخات.
کۆی ئەم فاکتەرانە هاوکارن کە هێزی کاری کوردستان بە خوێندەوار و نەخوێندەوار، خاوەن پسپۆڕی یان ناشارەزا واتە بە هەردوو بەشی جۆریی هێزی کار و بڕەکەیەوە و بە هەردوو ڕەگەزەوە بۆ ئاستێکی زۆر لە دەرەوەی پڕۆسێسی بەرهەمهێنانن یاخود وەک کاری ڕووپۆش و دەمامکدار لە پڕۆسێسەکەدان. دەرئەنجام دەبنە وزەیەکی ناکارەیی بۆ هاوکاری بەردەوامبوونی پڕۆژەی ڕووناکی بە هۆی بێکاری و لاوازی داهاتەوە .

٢. کارگە گەورەکان کە ڕێژەی ٢٤.٦%ی کۆی وزەی کارەبای کوردستان دەبەن، خشتەی ژمارە ٥، لانی کەم بتوانن کێڵگەی کارەبای سۆلەر بۆ خۆیان دروست بکەن و هاوکاری پڕۆژەی کارەبای ڕووناکی بن، بەتایبەتی فەزای گونجاویان بۆ ئەم مەبەستە لەبەردەستدایە دەکرێت بەشێک لەم وزەیە بخەنەوە ناو سیستمی وزەی هاوبەشەکان.

٣. پێویستە ئاستی بەکارهێنانی وزەی کارەبا بۆ ئاستی پێویست، وەک بەکارهێنانی هەموو کاڵایەکی تر بکرێت بە کلتوور وەک کلتووری زیادەڕەوی نەکردن لە هیچ کاڵا و خزمەتگوزارییەکدا. پێویستە ئەم کلتوورە بگاتە هەموو ماڵێک و تاکێک، ئەمەش تەنها بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی بە هاوبەشی هەموو دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم هۆشمەندییە وەک مەنهەجی خوێندن، مزگەوتەکان و وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، شارەوانییەکان لە بوارەکانی مۆڵەتپێدانی خانووبەرە و بەکارهێنانی سیستمی (عەزل) و چالاکییەکانی تریاندا و ....هتد.

**یەکەم: ئاستی کارکردنی هەنوکەیی لە ناو سێکتەرەکەوە**

دەربارەی پێویستی بڕیاردان بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی لە هەندێ بواردا دەخوازێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد دامەزراوەی ڤیژن دەتوانێ هاوکارێکی چالاک بێت بەو توانا ئەکادیمی و پسپۆڕییەی هەیەتی لەو بوارە جیاجیانەی دەکەوێتە بواری پسپۆڕیەکانییەوە.

بە مەبەستی دەست تێوەردانی بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکانی پرۆژەی ڕووناکی لە ئێستا و داهاتوودا ئەو خاڵانە دەخەینەڕوو:

١. پێداچوونەوە بە فراوانکردنی بۆردی تایبەتی وەزارەتی کارەبا بۆ ئاوێتەکردنی پسپۆڕییە تایبەتییەکانی تری بواری ژمێریاری، ئابووری، پلاندانان و یاسایی لەپاڵ پسپۆڕییە هونەرییەکان، لەگەڵ گێڕانەوە و فراوانکردنی هەموو دەسەڵاتە دارایی، یاسایی و کارگێڕییەکان بۆ ئەم بۆردە پسپۆڕە پشت ئەستوور بە داتا و زانیاری تەکنیکی و ناتەکنیکی بەتایبەتی شیکردنەوەی تێچوونەکان بە ئامانجی بەردەوام بەدواداچوون بۆ کوالێتی کارەبای پرۆژەی ڕووناکی و بڕی کارەبا بەشێوەی بەردەوام و سیستیماتیک لەگەڵ فۆکەس خستنەسەر تێچوونی کارەبا بۆ بە بەردەوامی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان ئاستی داهاتی خێزان و نرخی کارەبا بۆ هاوبەشەکان چ بۆ ماڵەکان یاخود پرۆژە ئابوورییەکان کە نرخی کارەبا بارگرانی لەسەر بەردەوامبوونیان دروست دەکات بەتایبەتی پرۆژە مامناوەند و بچووکەکان لە کەرتی پیشەسازی، کشتوکاڵی و گەشتوگوزار. چونکە تایبەتمەندی کارەبا ئەوەیە کە هەم تێچوونە، هەم داهاتە چ بۆ حکومەت چ بۆ بەشداربووان.

٢. هەتا خاڵی یەکی سەرەوە جێبەجێدەکرێت ئەم پەیپەرە پێشنیار دەکات کە بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان، یەکەیەکی پسپۆڕ لە بواری ژمێریاری و ئابووری تەرخان بکات بۆ سەرپەرشتی شیکردنەوەی خەرجی کارەبا (وحدة تحليل الكلفة) لە جومگە جیاوازەکاندا، چونکە ئەوەی هەڕەشەی ڕاستەقینەیە لەسەر پرۆژەی ڕووناکی، تێکچوونی هاوسەنگییە لە نێوان خەرجی زۆر و بەهەدەردانی وزە لەلایەک و ئاستی نزمی داهاتی تاکی بەکارهێنەری یەکەی کارەبا بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییە لەلایەکی تر.

٣. کاراکردن و ئەکتیڤکردنی پەیوەندی نێوان پرۆژەی ڕووناکی، یەکە، وەزارەت و لایەنە پەیوەنیدارەکان بە بەرزکردنەوەی هۆشمەندی بۆ پێگەیاندنی پرۆسێسی بە کلتوورکردنی زانستی بەکارهێنانی وزەی کارەبا لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە هەر وەک چۆن ئەم هۆشمەندییە گرنگە بۆ هەر کاڵایەک و خزمەتگوزارییەکی تری ئابووری.

**دووەم: کارکردن لە مەودای درێژخایەن**

بۆ سەرخستنی پرۆژەی ڕووناکی یان هەر پرۆژەیەکی تر لە ئابووری کوردستاندا کە کەوتۆتە قەیرانەوە، دەخوازێت بڕیاربەدەستی سیاسی کوردستان کاربکات بۆ چالاکردنی داهاتی تاکە کەس و کەمکردنەوەی قەبارەی بێکاری لە ڕێگای چالاکردنی کەرتە ئابوورییە سەرەکییەکانی کوردستان بەتایبەتی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار. چونکە ئێستا ئەم سێکتەرە سەرەکییانە بۆ ئاستێکی گەورە لە دەرەوەی پرۆسێسی بزاوتی ئابووریدان، بەهۆی باڵا دەستی سیستمی ئابووری کرێخۆری نەوت و بازرگانی هاوردە.

ئەم خاڵە لە دوور مەودادا زۆر ستراتیژییە نەک هەر بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی کارەبای ڕووناکی بەڵکو بۆ سەقامگیری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئاسایشی کوردستان، چونکە بەرهەمهێنانی بەردەوامی بێکاری واتە نەبوونی داهات ئەمەش یانی هەژاری، کەواتە بەردەوامی بەرهەمهێنانی هەژاری لە هەموو جومگەکانی جووڵە لە سیستمی ئابووری کوردستان هەڕەشەیەکی گەورەیە لە سەر بەردەوامی کۆی سیستمەکە لەلایەک و بەردەوامی پڕۆژەی ڕووناکی لەلایەکی ترەوە.

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە ١

| پلەی وەزیفی | ژمارەی کارمەند | ڕێژەی مووچە خۆر | کۆی گشتی | ڕێنجي مووچە | بڕی مووچە/ مانگ |
|---|---|---|---|---|---|
| ا تایبەت | ٤٩٧ | ٪٠.١٢ | ٢،٥٢٣،٢٢٦،٠٠٠ | ٥،٠٧٦،٩١٣ | |
| ب تایبەت | ٦٠٣ | ٪٠.١٥ | ٢،٥٢٦،٧٢٨،٠٠٠ | ٤،١٩٠،٢٦٢ | |
| پلە ١ | ٩،٣٢٣ | ٪٢.٢٩ | ٢١،٦٣٣،٠٠٣،٠٠٠ | ٢،٣٢٠،٣٩١ | |
| پلە ٢ | ٣١،٦٣١ | ٪٧.٧٦ | ٥٣،٥١١،٨٨٢،٠٠٠ | ١،٦٩١،٧٥٤ | |
| پلە ٣ | ٣٥،٨٤٤ | ٪٨.٧٩ | ٤٤،٣٦٦،٤٥٠،٠٠٠ | ١،٢٣٧،٧٦٥ | |
| پلە ٤ | ٤١،٠٤٢ | ٪١٠.٠٧ | ٤٤،٦٦٧،١٩١،٠٠٠ | ١،٠٨٨،٣٢٩ | |
| پلە ٥ | ٦٦،٨٤٧ | ٪١٦.٣٩ | ٦٢،٤٠٨،٣٩٨،٠٠٠ | ٩٣٣،٦٠١ | |
| پلە ٦ | ٨٧،٤٠٩ | ٪٢١.٤٤ | ٧٤،٥١٠،٨١٩،٠٠٠ | ٨٥٢،٤٣٩ | |
| پلە ٧ | ٧٥،٩٧٠ | ٪١٨.٦٣ | ٥٥،٧٣٠،٥٥٥،٠٠٠ | ٧٣٣،٥٨٦ | |
| پلە ٨ | ٤٢،٧٠٠ | ٪١٠.٤٧ | ٣١،٢٧١،٣٣٤،٠٠٠ | ٧٣٢،٣٥٠ | |
| پلە ٩ | ١١،٣٦٠ | ٪٢.٧٩ | ٥،٦٥٨،٥٥٨،٠٠٠ | ٤٩٨،١١٣ | |
| پلە ١٠ | ٤،٥٣٦ | ٪١.١١ | ١،٩٤٧،٣١٠،٠٠٠ | ٤٢٩،٣٠١ | |
| کۆی گشتی | ٤٠٧،٧٦٢ | ٪١٠٠ | ٤٠٠،٧٥٥،٤٥٤،٠٠٠ | ١٩،٧٨٤،٨٠٤ | |

سەرچاوە: وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، داتای بڵاونەکراوە/٢٠٢٥

### پاشکۆی ژمارە ٢

تێکڕای مووچەی یەك مانگی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان/٢٠٢٤

| ژمارەی خاوەنپێداویستی تایبەت لە کوردستان | کۆی مووچەی مانگانە | تێکڕای مووچە |
|---|---|---|
| ٧٣،٢٣٦ | ١٠،٦٤٧،٩٥٠،/،٠٠٠ | ١٤٥،٣٩٢ |

سەرچاوە: داتای وەزارەتی کار و دەستەبەرایەتی کۆمەڵایەتی/٢٠٢٥/داتای بڵاونەکراوە

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، رۆژنامەوان و رۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە رێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاووڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار، بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کلتووری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیارداندا بەمەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.
- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

هەرێمی کوردستان - عێراق، سلێمانی
WWW.VISIONFOUNDATIONIQ.ORG

پەیوەندیکردن:

بۆ پرسیارکردن دەربارەی دەرفەتەکانی هاوکاری، داوای زانیاری زیاتر،
یان گفتوگۆکردن لەسەر هەر پرۆژەیەک ، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

INFO@VFSSIQ.ORG

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq